# سةعاتةكةي ذوور سةري تانيا



شێروان خدر

ئێرەو ئەوێ دوو کاتژمێر دەنگمان لێک دوورە،

من بەدیار چەرخێکی کۆنینەوە، هەناسە دەدەم.

لە ناو تاریکیدا چاو بڕ دەکەم.

مۆدەکانی ژیان،

چەند سەدەیەک دوای رشانەوەکانی ئەوێ بەمن دەگا.

لێرە، من دوو سەعات بەر لە تۆ ئەستێرەکان تاوم دەدا.

ئەستێرەکان لێرە بریسکەیان پێکەنیناویترە.

وەک تۆپەڵە قوڕێکی بەر خۆری

دین و

دەسەڵات و

مێژوو

بوونم سەقەت‌و خوێناویترە

دوو سەعات رەنگمان لێک دوورە

ئێرە.. فۆبیای بێ کارەبایی‌و

مەوتەنی تاریکی چاوو

گەردەنی تۆزاوی شارە ناشارەکانە.

ئێرەو ئەوێ، دوو پەنجەرەی تاریک و روونە.

بەیانی من، دوو سەعات بەر لەتۆ رادەبێ.

ئێوارەی من، دوور سەعات بەر لە تۆ ئاوا دەبێ.

بوونیشم دوو سەعات بەر لە سڕینەوەی بوونی تۆ

کۆتایی پێدێ.

هەوری ئاسمانی ئەم نیشتمانی ئێرەیە،

بە تووڕەبوونێکەوە دادەکاو

براگەلەکان بە سەنتووری برایەتی

لەعنەت لە کات  دەکەن.

سەعاتەکەی ژوور سەریشت

دوای دوو سەعات ژیانی پڕ لە کارەساتی ئێرە

خەبەرت دەکاتەوە!

سلێمانی 2005